# دێمۆكراسی



نووسینی  نادر فەتحی (شوانە)

هاوینی ساڵی ٢٠١٨ی زایینی

www.rojhalat.de
www.bokan.de

ئەم بابەتە پێشکەش دەکەم بە هەموو هاونیشتمانەکانم لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بە یەکیەتی و یەکگرتوویی هەمووومان، جیاواز لە هەر باوەڕ و بۆچوونێکی کە هەمانە، کۆمەڵگایەکی هێمن و دێموکراتیك پێك بێنین. چونکە لە سەردەمی ئێمەدا تاقە رێگای رزگاری لە چەوسانەوەی نەتەوەیی، وشیار کردنەوە و ڕوونکردنەوەی مرۆڤی کۆمەڵگا و ناسینی مافە سروشتییەکانیەتی. ئەگەر بە وردی سەیری بارودۆخی گەلانی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانە بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە بێ هاودەنگی توێژەکانی کۆمەڵگا و بە بێ یەکیەتی نەیانتوانیوە وڵاتێکی یەکپارچە پێك بێنن. بەداخەوە لە کوردستانی ئەمڕۆی ئێمەدا، تەنانەت دوو تا سێ سەدە دوای ئەوانیش، هێشتا خەڵک و حیزبە بەرپرسەکانیان نەیانتوانیوە بەرەیەکی بەهێز بۆ ڕزگاری خۆیان پێك بێنن.

بە هیوای دیموکراسی، سەربەخۆیی و ڕزگاریی دواڕۆژمان لە دەست داگیرکەرانی خاک.

نادر فەتحی(شوانە)
هاوینی ٢٠١٨

پێرست:

**پێش گوته** ...................................................... ٥
**بەشی یەکەم: دێموکراسی** ........................................... ٧
دێموکراسی یانی چی؟ ................................................ ٧
بۆچی پێویستیمان بە دەوڵەت هەیە؟ ................................. ١٠
ئایا دێموکراسی تاقە فۆرمی دەوڵەتدارییە؟............................ ١٢
ئایا دێموکراسی و سیستمی جومهووری(کۆمار) هەر یەکن؟ .......... ١٤
نیشانەکانی دێموکراسی چین؟............................................ ١٥
**بەشی دووهەم :مێژووی دێموکراسی** ..................................... ١٧
مافی مرۆڤ چییە؟ ............................................................ ١٧
هەوەڵین سیستەمی دێموکراسی لە کوێ پێك هات؟..................... ١٩
لە وڵاتی ئینگلیز چ فۆرمێکی دەوڵەتیی پێك هات؟ .................... ٢٢
ڕێفۆرماسیۆن چ پێوەندیەکی بە دێموکراسییەوە هەیە؟................. ٢٤
وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا چۆن دامەزرا؟............................. ٢٦
ڕۆشنبیریی چ کاریگەرییەکی لەسەر دێموکراسی هەبوو؟ ............. ٢٧
شۆڕشی فەڕانسە چۆن پێکهات؟........................................... ٢٩
دێموکراسی لە ئاڵمان چۆن پێکهات ؟ .................................. ٣١
کۆماری فێدراڵی ئاڵمان چۆن دامەزرا؟................................... ٣٣
**بەشی سێ هەم: چۆن دەوڵەتێکی دێموکراتیك بەڕێوەدەچێ** ............ ٣٤
دێموکراسی ڕاستەوخۆ یانی چی؟....................................... ٣٤
حیزبەکان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟.................................... ٣٦
چۆنییەتی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا ؟ .................... ٣٧

له دەوڵەتی دیموکراتیکدا چۆن پارلەمان پێك دێت؟........................٣٨
حیزبەکانی 'ئۆپۆزیسیۆن' چ ئەرکێکان هەیە؟..............................٣٩
چلۆن یاسا دادەندرێ؟ ......................................................٤٠
کۆماری فیدراڵ چییە؟.......................................................٤١
**بەشی چوارەم: مەترسییەکان و لایەنگری لە دیموکراسی** .............٤٢
ئەرکی هەرکام لە ئێمە بۆ پێکهاتنی دیموکراسی چییە؟ ...................٤٢
لە دیموکراسیدا چۆن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن  مامڵە دەکرێت؟ ..............٤٤
بۆچی دەبێ مرۆڤ  تامەزرۆیی سیاسی هەبێ؟ ..........................٤٤

## پێش گوته

زیاتر له چه‌ند ده‌یه‌یه له زۆربه‌ی وڵاته ئوروپاییه‌کان سیستمی حکوومه‌تی دێموکراتیك حاکمه. له‌مڕۆدا بۆ مرۆڤی ئه‌و وڵاتانه شتێکی زۆر ئاساییه له ده‌وڵه‌تێکی دێموکراتیکدا بژین، ڕۆژانه که‌ڵك له لایه‌نه باشه‌کانی ئه‌و سیسته‌مه وه‌ربگرن، بیری سیاسی خۆیان به بێ هیچ ترسێك له کۆمه‌ڵگادا ده‌ربڕن و زانیاری له ڕۆژنامه و ڕادیۆ و ته‌له‌ویزیۆن و مێدیاکان وه‌ربگرن. مرۆڤ به هێزی بیروباوه‌ڕی سیاسه‌توانان و هه‌ڵبژاردنی نوێنه‌ری تا ڕاده‌یه‌ك ڕاسته‌قینه، کاریگه‌ریی و گۆڕانکاری له‌سه‌ر ده‌وڵه‌ت داده‌نێن. ئه‌وان مافی ئه‌وه‌یان هه‌یه، ده‌سته و حیزبی سیاسی خۆیان پێك بێنین ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر دژ به سیاسه‌ته‌کانی ده‌وڵه‌تیش بێ. ئه‌وان هه‌موویان له به‌رانبه‌ر یاسادا یه‌کسانن. به بێ جیاوازی له‌وه‌یکه ژن یا پیاو بن، ره‌نگی پێستیان چ بێ، خه‌لکی کوێ بن یا دین و ئایینیان چ بێ. ئه‌گه‌ر جیاوازی فیکری له به‌ینیاندا هه‌بێ هه‌وڵ ده‌درێ له ڕێگای دیالۆگه‌وه ڕێگه‌چاره‌ی بۆ بدۆزنه‌وه، نه‌ك به شه‌ڕ و زۆره‌ملی. له هه‌مووشتێك گرنگتر ئه‌وه‌یه، ئه‌وان له وڵاتێکدا ده‌ژین که خۆیان کاریگه‌ریان له گۆڕانکارییه‌کاندا هه‌یه.

دیاره هه‌موو مرۆڤێك ده‌بێ یاساکانی سیستمی دێموکراتیك بناسێ و بزانێ دێموکراسی چۆن به‌ڕێوه ده‌چێ.

به‌م وتاره، هه‌وڵی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاری سه‌باره‌ت به دێموکراسی و چۆنیه‌تی پێکهاتنی ده‌درێ. ئه‌و نووسراوه‌یه باس له دایك بوونی دێموکراسی له یۆنانی کۆن و گه‌شه‌پێدانی بیری دێموکراتیك له یه‌که‌م ڕۆژه‌کانیه‌وه تا ئێستا ده‌کا. جیاوازی له نێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری روون ده‌کاته‌وه. هه‌ر وه‌ها به لایه‌نگری کردنی دێموکراسی، هه‌وڵی دامه‌زراندنی ئه‌و سیستمه ده‌دات، چونکه دێموکراسی ته‌نیا فۆڕمێکی ویشکی ده‌وڵه‌تیی نییه، به‌ڵکوو شێوه‌یه‌ك له سیستمی ئیداری- ده‌وڵه‌تییه که هه‌ڵس وکه‌وتی ڕۆژانه‌ی مرۆڤ له‌گه‌ڵ یه‌کدا دیاری ده‌کات، هه‌ر بۆیه ده‌بێ به به‌شداری به‌رده‌وامی هه‌مووان زیندوو ڕابگیرێ.

من هه‌وڵم داوه زانیاریی سه‌باره‌ت به به‌شه‌کانی ئه‌م نووسراوه‌یه به شێوه‌یه‌کی کورت و به شێوازی سیسته‌ماتیك به‌دوای یه‌کدا بێنمه‌وه. بۆ

ڕوونکردنەوەی مێژووییەکەشی چەند نموونەیەکم لە وڵاتانی پێشکەوتوو هێناوەتەوە و زۆربەی زانیارییەکانیانم لە ئینتێرنت دەر هێناوە.

هیوادارم توانیبێتم نووسراوەیەکی بەکەڵك بۆ خوێنەری کورد ئامادە بکەم.

نادر فەتحی(شوانە)   هاوینی ٢٠١٨ ی زایینی

## بەشی یەکەم: دێموکراسی

### دێموکراسی یانی چی؟

بێنە و بەردە و وت و وێژ لە پۆلی شەشەمی "ئا" دا:

بڕیار وایە قوتابییەکانی پۆلی شەشەمی "ئا" پێکەوە سەفەرێکی یەك ڕۆژە بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ کوێ بچن؟ سەفەری ساڵی پێشوو مامۆستاکە بۆی دیاری کردبوون. بەڵام ئەمساڵ نوێنەری قوتابیەکان بە مامۆستای ڕاگەیاندوە کە قوتابییەکان بەتەمان بۆخۆیان شوێن و چۆنیەتی سەفەرکە دیاری بکەن. لەپێشدا پێشنیارەکان کۆدەکەنەوە: ژمارەیەك لە قوتابیان چوون بۆ "باخچەی ئاژەڵان"یان پێخۆشە، بەشێك چوونە ناو سروشت، و ژمارەیەکیش دیتنی پاڵاوگەی نەوتیان پێشنیار کردوە و بەشێکیش مەیلیان بۆ بارودۆخی ژیان لە گوند و چۆنیتی کار لەسەر مەزرا هەیە.

هەموو پێشنیارەکان لەسەر تەختەڕەشەکەی قوتابخانە دەنووسن. لەپێشدا نوێنەرەکان لەسەر پێشنیارەکان دەدوێن و خاڵە باشە کانی ڕوون دەکەنەوە و دژبەرەکانیش دەرفەتیان پێ دەدرێ لەسەر خاڵە لاوازەکان دەنگی خۆیان دەربڕن. دوای لێدوانێکی تێروتەسەل لەسەر هەموو پێشنیارەکان، قوتابییەکان ناتوانن لەسەر دیاری کردنی سەفەرەکە ساغ ببنەوە. لە کۆتاییدا دێنە سەر ئەو باوەڕە کە هەرکام لە قوتابییەکان دەنگی خۆیان لەسەر کوتە کاغەزێك بنووسن، هەرکام لە پێشنیارەکان دەنگی زیاتریان هێناوە، ئەوە دەنگی زۆرینەیە و دەبێ ئەوانی تر پەسەندی بکەن. کەوابوو هەرکام دەنگی خۆیان لەسەر کاغەز دەنووسن و کاغەزەکە قەد دەکەن و دەیخەنە ناو سەتڵێکەوە کە لەلایەن نوێنەری قوتابییەکانەوە کۆ دەکرێتەوە. دوای بژاردنی دەنگەکان لە ٣٠ قوتابی ١٤ کەسیان دەنگی خۆیان بە "بارودۆخی ژیان لە گوند و چۆنیتی کار لەسەر مەزرا" دەدەن، دەنگەکانی تریش بەسەر پێشنیارەکانی دیکەدا دابەش دەبن. کەوابوو زۆربەی قوتابییەکان مەیلیان بۆ زانیاری لەسەر ژیان لەگوندەکان هەیە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو بڕیارە لەلایەن هەموو قوتابیانەوە دەبێ پیرۆز ڕابگیرێ .دیارە ئەوانەی پێشنیارەکانیان دەنگی کەمیان هێنابۆوە، زۆر ڕازی نەبوون، بەڵام

لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت : قەیدی چ دەکا ئەمساڵ دەنگمان نەهێناوە، هەوڵ دەدەین ساڵی داهاتوو تاقی بکەینەوە.

لە پارلەمان و دەوڵت و هەروەها بۆ بڕیاردان لەسەر کاروباری دەوڵەتی شێوازی هەڵبژاردنەکەی قوتابیانی پۆلی شەشی "ئا"، بەکاردەهێندرێت. هەموو پرسیار و یاخود کێشەکانی خەڵکی و کۆمەڵگا دەکەوێتە بەر لکۆڵینەوە و بە هێنانەوەی بەڵگە و گوێ لێراگرتن لە بۆچوونی دژبەران دەنگی لەسەر دەدرێت، وەك دەشزانین ئەوە دەنگی زۆرینەیە کە بڕیاری ئاخر دەدات. لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا یاسای زۆرینە حاکمە. بەو مانایەیە کە دوای لێکۆڵینەوە و دەنگ دان لەسەر تەوەرێك، دەنگی زۆرینە بۆ هەموان پەسندە، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی دژبە زۆرینە دەنگیان داوە. رەنگە ئەوە بێ ئینسافی بێ لە هەنبەر ئەو کەسانەی لە کەمینە دان، چونکە ناچار دەکرێن دەنگی زۆرینە پەسند بکەن.

دیارە باشترین ئاڵترناتیو دۆزینەوەی رێگاچارەیەکە کە هەموو نوێنەرەکان هاودەنگییان لەسەر بووبێ، بەڵام ئەوە زۆر ئەستەم هەڵدەکەوێ کە هەموو بە یەکدەنگی لەسەر بڕیارێك ساغ ببنەوە. هەر بەو هۆیەوە دەبێ فێر بین بڕیاری زۆرینە بسەلمێنین و بە شێوەیەکی شارستانی لە بەرابەر ڕووداوەکاندا هەڵس و کەوت بکەین. هەروەك دیتمان تەنانەت لە ناو قوتابیخانەیەك بە ٣٠ قوتابییەوە چوار بۆچوونی جیاوازی تێدا بینرا، بەڵام ئەوە یاسای کۆمەڵگای دێموکراتیکە کە بڕیاری زۆرینە بە سەر کەمینەدا دەسەپێنێ. بۆ ئەوەی ژمارەی کەمینە تا ئەو جێگایەی دەکرێ کەم ڕابگیرێ، دەبێ هەوڵ بدرێ گوێ ڕاگری بیر و بۆچوونی هەموو لایەنەکان بە وردی ببین و بۆ دانیشتنەکان و پشکنین و دۆزینەوەی رێگاچارەی دروست، کات تەرخان بکەین. جگەلەوە پێویستە گرینگایەتیی تەوەرەکان لەبەر چاوبگیرێ. بەو مانایەی کە هەرچەند تەوەرەکە جیددی تر بێ بەو ئەندازەیە دەبی هەوڵ بدرێ بە روونکردنەوە و دۆزینی هەرچی زیاتری تەوەرەکە، ژمارەی زۆرینە زیاتر بکرێ.

دیارە دێموکراسی شێوەی ئیدئالی کۆمەڵگا نییە چونکە هەمیشە کەمینەیەکی تێدایە کە ناچار بە قەبووڵکردن و سەلماندنی بڕیاری زۆرینە دەبن، بەڵام لەناو هەموو سیستەمەکانی تردا بە درێژایی هەزاران ساڵ

تاقیکرنەوە، دێموکراسی تەنیا سیستەمێکە کە ئازادی و هەڵس و کەوتی شارستانیی و بێ شەڕ و قڕەی بۆ مرۆڤ بە دیاری هێناوە.

## بۆچی پێویستیمان به دەوڵەت هەیە؟

مرۆڤ پێویستییان به ژیانی بەکۆمەڵ هەیە. به شێوەی دایم هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بەتەنیا بژی. زۆربەی کات پێویستیمان به یارمەتی یەکترهەیە، بۆ نموونه، له کاتی نەخۆشییدا، بۆ یارمەتییدانی یەکتر و یەکگرتوویی له بەرامبەر چەڵەمەکانی ژیان و یا له کاتی خۆشی و ناخۆشی و...، یا پیویستیمان به زۆر کەرەسەی ژیانه که به تەنیا زۆر ئەستەمە بتوانین ئامادەیان بکەین وەك: پێڵاو، جل و بەرگ، خواردەمەنی، ترومبیل و... زۆر کەرەسەی تری ژیان.

زۆر کاری دیکەش هەن که مرۆڤ به تەنیا ناتوانێ بەڕیوەیان بەرێت، چونکه زانیاری و فێرکاری دەوێ، وەك "دوکتۆری، موهەندیسی، مامۆستایی قوتابخانە، کارمەندیی ئیدارات، کارگەری و..." هەروەها بۆ هەڵسووڕاندی هەرچی باشتری کۆمەڵگا ئەو ئیشانه دەبێ بەسەر مرۆڤدا دابەش بکرێن.

بەو شێوەیه مرۆڤ له گرووپی بچووك و گەورەدا لەگەڵ یەك دەژین: دایك و باوك و منداڵ خێزان پێکدێنن، چەند خێزان له گوندێکدا دەژین و خێزانی زۆرتر شاره بچووك و گەورەکان پێك دێنن. ئەو مرۆڤانەی فەرهەنگ و نەریت و مێژوو و زمانی هاوبەشیان هەیه نەتەوە پێکدێنن. ژیانی بەکۆمەڵ بۆ هەرکام له بەشدارانی کۆمەڵگا لایەنی باشی خۆی هەیە. هاوکات، ئەوە بەو مانایەشە که ژیانی بەکۆمەڵ شەرت و مەرج و یاسا بۆ هەرکام له ئێمە پێکدێنێ: مرۆڤ ناتوانێ ئەوەی بۆخۆی پێخۆشە بیکات، بەڵکوو دەبێ به پێی عادەت و پلەی پێشکەوتوویی کۆمەڵگا و یاسا هەڵس و کەوت بکا، تەنانەت ئەگەر به چاوپۆشیکردن له ئازادیی خۆی 'تەواو' بێ. **ئازادی هەریەك له ئێمه ئەوکاته 'کۆتایی پێ دێ' ، که ئازادی یەکێکیتری پێ، پێشێل بکرێ!**

نموونەیەکی باش بۆ ئەوە، هاتوچۆ کردنه به ترومبیل له ناو شەقامەکاندا. ئەگەر هەرکەس بەو شێوەیەی بۆخۆی پێیخۆشبێ ترومبیل لێ بخوڕێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسەکانیتر و ئەو مرۆڤانەی له هات و چۆ دان، به بێ چاو لێکردن له چرای تڕافیک و تابلۆکانی تڕافیک، داخوا چ بارودۆخێکی سەیر پێك بێ؟ بۆئەوەی وێنەیەکی ئاوا ناحەز پێك نەیە، دەبێ

بەپێی ئەو ئازادییانەی یاسا بۆ هەرکام لە ئێمەی دیاری کردوە مافی ئەوانیتر ڕاگرین و پێشێلیان نەکەین.

بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی بەکۆمەڵ و پتەوڕاگرتنی، لە هەر کۆمەڵگایەك بین، پێویستیمان بە داب و دەستوور و سزا هەیە کە بە گشتی پێدەلێین "یاسا". یاسا بۆ هەموو کەسێکە، و هەموومان دەبێ پیرۆزی ڕاگرین. یاساکان یاخود داب و دەستوورەکان ئەرکی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. دیارە لە کۆمەڵگایەکی گەورەدا دەبێ کەسێك بێت کە ئەو داب و دەستوور و یاسایانە دامەزرێنێ و چوارچێوەیان بۆ ساز بکا و ئەوکەسانەی یاسا ڕاناگرن یاخود کاری هەڵە دەکەن، سزایان بۆ دیاری بکا، کە ئەوە دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەت. دەوڵەت هەوڵی ڕاگرتن و پارێزگاری کردنی ئازادی و مافی ژیانی هەرکام لە ئێمە بە پێی یاسا دەدات. ئەوەش تەنیا دەوڵەتە کە مافی هەیە بۆ ئەوکەسانەی وا دژ بە یاسا جووڵاونەتەوە، سزا دیاری بکات.

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی دەوڵەت پێکهێنان و ئامادەکردنی ئەو شتانەیە کە هەموومان پێویستیمان پێی هەیە و گشت کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەردەگرێت وەك: دورستکردنی قوتابخانە، نەخۆشخانە، شەقامەکان، فرۆکەخانە، شوێنی وەرزش و مەلێ کردن و.... جگە لەوانە ئەرکی دەوڵەت دانانی هێزی ئەرتەش و ئاگالێبوون لە مرۆڤە نەخۆش و پیرەکان و پێکهێنانی فێرگەی ئیش و زانستگا و ... هتدە.

دیارە بۆ وەدیهێنانی ئەو کارانە دەوڵەت پیویستی بە لایەنیماڵیی و ئابووری هەیە، جگە لەوەی دەوڵەت لە سەرچاوە سروشتییەکان وەك نەوت و ڕەژی و... بۆ ئەو مەبەستە کەڵك وەردەگرێ، بەشێکیشی بە شێوەی باج یان ماڵیات دەکەوێتە سەر شانی بەشدارانی کۆمەڵگا. دەوڵەت چۆنیەتیی و زۆر و کەمیی ماڵیات بەپێی بارودۆخی ژیان، بۆ هەرکام لە ئەندامانی کۆمەڵگا دیاری دەکات. جگە لە کاری حکوومەتی، کارمەندانی ئیداریی و خزمەتگوزارییەکان و... کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەچن بۆ نموونە، ئیدارەی مالیات، پۆلیس، شارەوانی، پەروەردە، دادگا، ڕێگای ئاسن، خزمەتگوزاریی خاوێنکردنە، لابردنی زبڵ و... زۆر شتی تر.

## ئایا دێموکراسی تاقە فۆڕمی دەوڵەتدارییە؟

چەندین شێوە  فۆڕمی دەوڵەتداری هەن. لە ڕابردوودا و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا تەنیا تاقە کەسێك بڕیاری بەسەر خەڵکدا دەدا، وەك شا یا میر. مرۆڤ وەك کۆیلە و بەکرێگیراو و شا و میر لەسەرەوەی هەموویان بوون و بە تەنیا بڕیاریان لەسەر کار و باری دەوڵەت دەدا. بەو چەشنە دەوڵەتانە دەگوترێ دەوڵەتی پادشایی. وشەی پادشایی یا "مونارشی" لە زمانی یونانییەوە دێت و بە مانای "حاکمی یەکتا" یە.

یەکەمین شاکان لەو شەڕکەرە باشانە دیاری دەکران کە لە شەڕدا ئازایەتی زۆریان لە خۆیان نیشاندابایە.

لە هەوەڵەوە ئەو بڕیارە، یانی بە شا کردنی شەڕکەرێکی باش، لە لایەن خەڵکەوە دەردەچوو، چونکە ئەوکات خەڵکی پێیان وابوو شەڕکەرێکی ئازا باشتر دەتوانی پارێزگاریی لە ئاسایش و ئازادی خەڵکی بکا. دواتر، هەڵبژاردنی شا ئیتر وەک مافی خەڵك نەما و بووە مافی خێزانیی و دوای نەمانی شا کوڕەکەی ئۆتۆماتیك دەبوو بە جێگری باوکی. بەو شێوەیە خێزانی پادشایی پێکهات کە زیاتر لە چەند سەدە حکوومەتیان دەکرد. زۆربەی  ئەو پادشایانە پێیانوابوو یان وایان پیشانی خەڵک دەدا کە شا دیاردەیەکی ئیلاهی و ئاسمانیە و خودا بەهۆی ئەو تایبەتمەندیی و جیاوازییانەی کە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بۆیان قایل بوە، ئیشی حکوومەتیی پێ ئەسپاردوون. قسەی زۆربەی ئەو شایانە یاسا بوو. ڕەخنە یا قسە لە قسەی شادا کردن بە ئەوپەڕی بێ شەرمییەوە و بە سزای زۆر گەورە و گران وەڵام دەدرایەوە. زۆربەی ئەو شایانە لەگەڵ ئەوەی هیچ ئیشێکیان نەدەکرد و هیچ هونەرێکیان نەبوو، لە باوۆدۆخێکی زۆر باش دا دەژیان، لە حاڵیکدا خەڵکی ئاسایی لەپەنا ئەوهەموو ئیش و تەنگ و چەڵمانەی ژیان، دەبوو مالیاتێکی زۆریش بە خەزێنەی شا بدەن! دەوڵەتی پادشایی یا مونارشی لە وڵاتانی وەك ئیسپانیا و بریتانیای  ئەمڕۆش هەر هەن بەڵام ئیتر وەك پێشوو "شا" هێزی گەورەی سیاسی نین و بڕیارەکان لە لایەن دەوڵەتە هەڵبژاردراوەکانەوە دەردەچێ کە هیچ فڕی بە شاوە نییە و شا تەنیا بە شێوەی سیمبۆلێك لە کۆمەڵگادا ڕاگیراوە.

شێوەیەکی تری دەوڵەتداری دیکتاتۆرییە. نێوی "دیکتاتۆر" لە زمانی لاتینەوە هاتووە. لە کاتی رۆمی کۆندا "دیکتاتۆر" کارمەند یاخود جیرەخۆری دەوڵەت بوون کە لە کاتی تەنگانەدا بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخی تایبەتیی سیاسی کەڵکیان لێوەردەگیرا و دەبوونە گۆپاڵ بەدەستی دەوڵەت. ئەو ماوەیەی "دیکتاتۆر"ەکان بڕیاری حکوومەتیان بەدەستەوەدەگرت یاساکان هیچ کارتێکەریەکیان نەدەما و پووچەڵ دەکرانەوە. دوای هێور بوونەوەی بارودۆخەکە دەچوونەوە سەر ئیشی پێشووی خۆیان. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر دیکتاتۆرەکان بە هێزی زۆرەملی، شاکانیان لەسەر حکوومەت لادەبرد و بە کوشتن یا دورخستنەوەیان لەسەر کار و باری سیاسی، هێزیان بەدەستەوە دەگرت کە دواتر ئەو چەشنە بزووتنەوە سیاسییە بە "کۆدتا" نێودێر کرا. لەو سەدانەی ئێمەی تێداین، زۆر جار هێزی نیزامی دژبە حکوومەتە دێموکراتیە هەڵبژاردراوە کانی خەڵك، "کۆدتا"یان کردوە و هێزی دەوڵەتیان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە. بیانووی کۆدتاچییەکان بۆ ئەو کردەوەیان، بریتی بوون لە "لاواز بوون و دەرەقەت نەهاتنی دەوڵەت لە بەرامبەر تەنگ وچەڵەمەکان وکێشەکانی کومەڵگا و پێویستبوون بە دەوڵەتێکی نوێ و بەهێز کە بتوانێ بەسەر ناکۆکییەکانی کومەڵگادا زاڵ بێ"! بەڵام لە راستیدا ئەو کارەیان یا بۆ وەدەستهێنانی هێزی سیاسی خۆیان و یا بۆ هێنانە سە کاری گروپ و دەستەیەکی تایبەت کردووە. بۆ نموونە کۆدتای ١٩٣٦ لە ئیسپانیا و کۆدیتای ١٩٥٣ ی ئێران دژ بە موسەددیق، یا کۆدتای ١٩٧٣ لە شیلی.

دیکتاتۆری واش هەن کە لە رێگای یاسایی و تەنانەت بە هەڵبژاردنی خەڵکی دێنە سەرکار وەك: رۆمی سەردەمی کۆن یا لە ئاڵمان کە ئادۆڵف هیتلێر لە ساڵی ١٩٣٣ بوو بە یەکێك لە گەورەترین دیکتاتۆرەکانی جیهان یا خومەینی لە ئێران کە بۆ خوێنمژی دەستی کەمیکی لە هیتلر نییە. زۆربەی دیکتاتۆرەکان بە زۆرەملی و تیرۆڕ حکوومەت دەکەن. هەرکەس رەخنەیان لێ بگرێت یا بیری سیاسی جیاواز لەوانی هەبێت، چارەنووسیان زیندان و بڕین و کوشتنە. بەداخەوە تەنانەت ئێستاش و لە سەدەی ئێمەشدا، "دیکتاتۆران" لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیا حکوومەت دەکەن. سیستمی دێموکراسی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەرە بەرە جێی سیستەمەکانیتر دەگرێتەوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆری حاکمە، مرۆڤی دێموکرات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی دێموکراتیك خەبات دەکەن.

## ئایا دێموکراسی و سیستمی جومهووری(کۆمار) هەر یەکن؟

زۆربەی دەوڵەتەکانی دنیا ناوی "کۆمار"یان لە خۆیان ناوە وەك: کۆماری ئوتریش (نەمسا)، کۆماری فیدراڵی ئاڵمان، کۆماری پۆلۆنیا (لەهستان) و کۆماری خەڵکیی چین و .... وشەی کۆمار لە زمانی لاتینەوە هاتوە و ئەو مانایە دەگەیێنێت: " **شتێك، کە بۆ هەموومانە و هەمووشمان تێیدا بەشدارین"**. ئەوە یەکەم بەو مانایەیە کە "کۆمار" فۆرمێکی دەولەتییە وا لە خزمەت حاکمێکی یەکتا یاخود دەستە و گرووپێکی تایبەتدا نییە، بەڵکوو لە خزمەت هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دایە. هاوکات ئەوە بەو مانایەشە کە دەوڵەت پارێزەری خەڵکییە و دەبێ لە کاتی شەڕ، نەخۆشیی، برسییەتی و هەموو کێشەکانی ژیانی کۆمەلگا یارمەتیدەری خەڵك بێت. دەوڵەتی کۆماری بەو مانایەیە کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی بڕیار دەدەن، نەك شا یا دیکتاتۆر و یا حاکمێکی یەکتا.

دەشکرێ دەوڵەتێکی جمهووری، دێموکراتیك نەبێ. زۆر لەمەوبەر گەلێك کۆمار هەبوون کە دەوڵەت نوێنەری بەشێکی تایبەت لە خەڵك بوو، چونکە مافی هەڵبژاردن ئەوکات بۆ نموونە تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکان بوو. دێموکراسیی ڕاستەقینە ئەو دێموکراسیەیە کە هەموو بەش و توێژەکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدا بکەن و مافی هەڵبژاردنیان تێیداهەبێ. تەنانەت ئێستاش لە ئەمڕۆی جیهاندا زۆر دەوڵەت هەن کە ناوی دەوڵەتی جمهوورییان لەسەرخۆیان ناوە بەڵام هیچ فڕێکیان بە جمهوورییەتەوە نییە و تەنیا بەشێکی کەمی کۆمەڵگا هەڵیانبژاردوون. بڕیاردەری زۆربەی ئەو چەشنە حکوومەتانە گرووپ یا حیزبێکی تایبەتن کە پێیانوایە کێشە و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگا بە باشی دەناسن و بۆ چارەسەرکردنیان پێویست بە پرس کردن لە خەڵك نییە. ئەو چەشنە جمهوورییانە لە ڕاستیدا حکوومەتێکی دیکتاتۆڕین.

**چۆنییەتی و ڕاستەقینە بوونی دەوڵەتێکی دێموکراتیك دەتوانین بەو پێوانەیە بپێوین کە تاك تاکی مرۆڤ تا چ رادەیەك مافی بڕیاردانیان لەسەر چارەنووسی خۆیان هەیە و چەندە ماف وئازادییان لە کۆمەڵگا دا وەدی هاتوە.**

## نیشانەکانی دێموکراسی چین؟

دێموکراسی ڕاستەقینە لەوەدا دەبیندرێ کە مرۆڤ تا چ ڕادەیەك ئازادییان لە کۆمەڵگادا هەیە. چۆنییەتی و ژمارەی مافەکانیان لە کۆمەڵگادا چین و ئەوەی کە تەنانەت دەوڵەتیش نەتوانێ ئەو مافانەیان لێ وربگرێتەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە مافی بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوون لە کۆمەڵگادا دەبێ ئەو پرسیارانە بکرێن:

- مرۆڤ لە هەر جێگا و هەر کاتێکدا مافیان هەیە بڕوای خۆیان بدرکێنن، بە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی کاری یاخود کومەڵایەتیان بۆ پێش بێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونەیان دژبە بیرکردنەوەی دەوڵەتیش بێ؟
- مافی ئەوەیان هەیە کۆبوونەوە بکەن، گرووپ و تەنانەت حیزبی سیاسی خۆیان پێك بێنن؟

یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگ و پێویستیەکانی دێموکراسی، ئازادی دان بە ڕۆژنامە و کتێب و تەلەویزیۆن و... هەموو ڕاگەیاندنە گشتییەکانە لە کۆمەڵگادا. بە هۆی ئەو ڕاگەیاندنانەوە خەڵکی دەتوانن سەبارەت بە کار و باری دەوڵەت و ئەوەی سیاسەتوانان و دەوڵەت چ بابەتێکیان لە بەرنامە دایە و چۆن ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگا دەدۆزنەوە، ئاگادار ببنەوە. ئەو شێوە ئاگادار کردنەوەیە دەتوانێ ئاڵوگۆڕ پێك بێنێ بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی داهاتووی کاربەدەستانی حکوومەت یاخود سیاسەتوانان لە لایەن بەشداران و دەنگدەرانەوە.

یەکێك لە هەرە خاڵە گرنگەکانی دێموکراسی هەڵبژاردنی بەشداران و سیاسەتمەدارانی ناو دەوڵەتە لە لایەن هەموو توێژەکانی خەڵکییەوە، بە بێ جیاوازی لەوەدا کە ژن یا پیاو، دەوڵەمەند یا فەقیر، ڕەش یا سپی، و ... بێ. هەرکام لە بەشدارانی کۆمەڵگا مافی ئەوەیان هەیە بۆ هەر ئیدارەیەك کە پێیان خۆش بێ خۆیان کاندید بکەن. ئەوەش زۆر گرنگە کە بۆ هەڵبژاردن، هەرچی زۆرتر ئاڵترناتیو یا بۆچوونی جیاوازیان هەبێ ئاکامی باشتری دەبێ ، وەك: تاکە کەس و حیزب و ... ،. لە وڵاتێك کە مرۆڤ تەنیا بە تاقە حیزبێك دەنگ بدا و هیچ ئاڵترناتیوێکی تری بۆ نەبێ، ناتوانرێ ناوی دێموکراسی لێ بنرێت!

تەواوی ئەو مافانە کە مرۆڤ دەتوانێ ناوی **مافی گشتی** لەسەر دانێ لە ڕێککەوتنامەی دەوڵەتدا ڕاگیرتراوە. ئەوە، شێوەیەك کتێبی یاسایە کە شان بە شانی مافی گشتی، دیاری کراوە کە چۆن دەوڵەت داڕێژاوە، چۆنییەتی هەڵبژاردنی دەوڵەت، و ئەوەی لە لایەن کێ و چۆن ئەرکەکانی دەوڵەت دابەش دەکرێن... و زۆر شتی تر.

لە ژوورەوەی دەوڵەتێکی جمهووری دێموکراتیك مافی گشتی یاخود یاسایە، نەك دەوڵەت. ئەو یاسایانە لە لایەن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکییەوە دیاری دەکرێن، هەر بۆیە دەبێ هەموومان پیرۆزیان رابگرین و پێشلیان نەکەین.

## بەشی دووهەم :مێژووی دێموکراسی

### مافی مرۆڤ چییە؟

زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بیرمەندانی یونانی دەرسی مافی مرۆڤیان داوە و جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی مرۆڤ لە رۆژی لەدایك بوونییەوە ئەو مافانەی لەگەڵ بووە و لەلایەن دەوڵەت یا کەسێکی ترەوە پێی نەدراوە، بەڵکوو لە سروشتەوە بە مرۆڤ گەیشتووە، هەر بۆیەش ناوی **"مافی سروشتی"** لێ نراوە.

ئەو مافانە بۆ نموونە بریتین لە:

- هەر مرۆڤێك بە نووسراوە و زمان، بیرکردنەوەی خۆی ئازادانە دەربڕی.
- بە بێ هیچ لەمپەرێك بتوانی بیر و باوەڕی خۆی بدرکێنێ.
- مرۆڤ مافی خۆیەتی کە لە باری جەستەییەوە ئەشکەنجە نەکرێ، لێی نەدرێ، یاخود سوئیستفادەی لێنەکرێت.
- هیچکات مەجبوور بە درکاندنی شتێك نەکرێ کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەو نەخوێنێتەوە.
- مافێکی زۆر گرینگیش "مافی یەکسانی"یە، بەو مانایە کە هەموو مرۆڤ لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن. نابێ هیچکەس بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی، دین، رەنگی پێست، زمان، نەتەوە و یا جنسییەوە وەپێش یا وەدوای ئەوانیتر بخرێت.
- هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ نموونە بۆ رەش، سپی، پیاو، یاخود تەنیا بۆ دەوڵەمەند نابێ هەبێ، چونکە ئەوە دژبە دێموکراسییە.
- مافی مرۆڤ ناگۆڕدرێ، بەو مانایە کە هیچ کەس ناتوانی ئەو مافە وەرگرێتەوە.
- مافی مرۆڤ هەمیشەیی یە، بۆ هەموو کەسێکە، تەنانەت بۆ مرۆڤی خراپەکاریش. چونکە ئەو مافە دەبێ پارێزگەری قەدر و قیمەتی مرۆڤ بێ. هەموو مرۆڤێك بە نرخە، هەربۆیەش دەبێ وەك ئینسان هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێت.

- هیچ دەوڵەتێك ئیزنی نییە مافی مرۆڤ پێشل بکا و بە پێچەوانە دەبی هەوڵ بۆ راگرتن و بەهێزکردنی بدات.

مافی مرۆڤ پێکهاتە و مەرجی یەکەمی دێموکراسییە، چونکە تەنیا مافی یەکسانی و مرۆڤی ئازاد دەتوانن پێکەوە کۆمەڵگایەکی ئارام و بێ قڕە دروست بکەن. هەر بۆیەش لە هەموو ئەو وڵاتە دێموکراتیکانەی ئەوڕۆی جیهاندا، مافی مرۆڤ لە سەرەوەی هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەت جێی خۆی کردۆتەوە و لەسەرەوەی هەموو یاساکاندایە و هیچ یاسایەك ناتوانی مافی مرۆڤ پێشل بکات. بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٧٧٦ لە ئەمریکا مافی مرۆڤ بووە بەشێك لە یاساکانی دەوڵەت کە لەوێدا هاتووە، "هەموو مرۆڤێك وەك یەك هاتوونەتە سەر زەوی، هەمووشیان لە لایەن سروشتەوە مافی یەکسان واتە ژیان و ئازادی و مردنیان بۆ دیاری کراوە". دیارە ماویەکی زۆری ویست هەتا مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بە تەواوی رابگیرێ و لە کردەوەدا بەڕێوەبچێت. تەنانەت تا ساڵەکانی ١٨٦٥ یش کویلەداری لە ئەمریکا هەر مابوو.

لە زۆریەك لە وڵاتانی ئەمڕۆی جیهاندا شێوەی ئەشکەنجە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتانی نا دێموکراتیکەوە بەڕێوەدەچێ. زۆربەی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە هیچ چەشنە مافێکی ئینسانییان نییە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر بەهۆی دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسییان ئەشکەنجە دەدرێن و هەڵدەواسرێن. بۆ رسواکردن و لە قاودانی ئەو چەشنە پێشلکاریانە سازمانێکی جیهانی بە ناوی **"ئەمنیستی ئینترناشناڵ"** پێکهاتوە کە ساڵانە ئاماری پێشلکارییەکانی ئەو دەوڵەتانە دەخاتە بەر چاوی مرۆڤی جیهان.

## هەوەڵین سیستەمی دێموکراسی لە کوێ پێك هات؟

هەوەڵین دەوڵەتانی دێموکراتیك ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە یونانی کۆن پێك هاتن. لە نیمچە دورگەکانی یونان بە ناوی **"پلۆپۆنیز"** لە دەریای ناوەڕاست دەوڵەتانی هەمەڕەنگ دێنە سەر گۆی زەوی. زۆربەی ئەو دەوڵەتانە زۆر بچووك و لە ناوچەیەکی جوغرافیایی کەم پانتا کە "پۆلیس" یان ناو بوو، پێکهاتبوون. ئەو پۆلیسانە هەموویان سەربەخۆ بوون و هیچ بەستراوەییەکیان بەیەکەوە نەبوو. دەوڵەتێکی یەکگرتوی گەورەی وەك میسر لە یونان گونجاو نەبوو چونکە بارودۆخی جوغرافیایی یونان کە لە ژمارەیەکی زۆری کەنارە و کەنداو و هەزاران دورگە پێك هاتووە، ئەوەی نامومکین دەکرد. گەورەترین پۆلیسی یونان ئاتێن بوو. دانیشتوانی ئاتێن بریتی بوون لە ئەشراف، زەویداران، بازرگانان، دەستکاران و وەرزێران.

زۆر لەوەپێش شاکان لەو ناوچانە حوکمرانیان کردوە، بەڵام لە ساڵانی ٦٨٣ی پێش زایینەوە شا ئیتر نەماون و جێی ئەوان "ئارشۆنت" گرتوویەتەوە. ئەو مرۆڤانە کارمەند بوون کە بۆ ماوەی ساڵێك کاروباری دەوڵەتیان بەدەستەوەدەگرت و دوای ساڵێك جێێ خۆیان دەدا بە "ئارشۆنت"ەکانی تر. "ئارشۆنت"ەکانیان لە کۆبوونەوەی خەڵکیدا دیاری دەکرد. لەوکاتەدا ئاتێن ڕەنگە جومهووری بووبێ نەك دێموکرات، چونکە، **یەکەم:** "ئارشۆنت"ەکان تەنیا لەناو ئەشراف و ماقووڵاندا هەڵدەبژاردران و **دووهەم:** ئەگەرچی هەموو خەڵك مافی هەڵبژاردنیان هەبوو بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە هەژارن بە ئەشرافەکان قەرزدار بوون، ناچار بە دەنگدان، بە بێ مەیلی خۆیان دەکران.



سۆلۆن

هۆی پێك هاتنی کۆمەڵگای دێموکراتیك لە ئاتێن شۆڕشی کەسێك بوو بەناوی سۆلۆن "Solon" (٦٤٠ تا ٥٥٨ ی پێش زایین). ئەو ساڵی ٥٩٤ی پێش زایین لە ئائارامییەکانی ئاتێن دا وەکوو قازی بۆ ئەو کێشانە

هەڵبژێردرا. "سۆلۆن" بۆ ئارام کردنەوەی بارۆدۆخی پێکهاتوو لە ئاتن، چەند یاسای نوێی پێکهێنا کە بە "یاسای سۆلۆن" ناودێر کران. لەپێش هەمووشتێکدا مرۆڤە هەژارەکانی لە قەرزداربوون بە ئەشرافەکان ئازاد کرد بۆ ئەوەی ناچار بە فرۆشتنی دەنگەکەیان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرێن. سۆلۆن خەڵکەکەی بەسەر چوار "کلاسە" یاخود "گروپ" دا دابەش کرد.

کلاسەکانی بە پێی دەوڵەمەندبوونی مرۆڤ (بە پێێ هەبوونی پووڵ و زەوی زۆرتر) دانابوو. ئەگەرچی دیسانیش تەنیا "ئارشۆنت"ەکان لە لایەن کلاسەی یەکەم کە دەوڵەمەندەکان بوون، هەڵدەبژێردران، بەڵام هەر چوار گروپەکان مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانیان هەبوو. سۆلۆن بۆ یەکەمین جار یاساکانی لەسەر کاغەز بە نووسراوە پاراست و ڕایگرت. بەوشێوەیە هەمووکەس دەیتوانی مافەکانی خۆی بزانێ و لە کاتی پێویست بتوانێ لە مافی خۆی بەرگری بکا و کەڵکی لێ وەرگرێ.


کلایزتینز

کۆمەڵگای دێموکراتیکی راسەقینە ١٠٠ ساڵ دوای سۆلۆن بە هۆی کلایزتێنز "Kleisthenes" (٥٧٠ تا ٥٠٨ی پێش زایین) پێك هات. ئەو مافی هەموو گەلانی یەکسان کرد. بەو شێوەیەی کە هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا مافی هاوبەشیان هەبوو ، هەرکەس پێیخۆشبایە دەیتوانی بۆ هەر ئیدارەیەك خۆی کاندید بکا و جگە لەوانەش هەمووشیان دەیانتوانی لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن.

لە ساڵی ٣٣٨ی پێش زایین لەو کاتەوە کە ئەسکەندەری گەورە لە هێرشەکانیدا بۆ یونان، شاری ئاتێنی گرت، دێموکراسیش لە ئاتن بە خاك سپێردرا. ئەگەرچی حکومەتی خەڵکی لە ئاتێن زیاتر لە سەدەیەکی نەخایاند، بەڵام دەتوانین بە لەدایکبوونی دێموکراسی نێوبەرین چونکە

لەوکاتەوە زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵی پێویست بوو بۆ ئەوەی دیسان مرۆڤ لەسەرڕاوە ئەو بۆچوونە مودێرنە لە کۆمەڵگاکاندا دامەزرێننەوە.

## له وڵاتی ئینگلیز چ فۆرمێکی دەوڵەتیی پێك هات؟

له سەدەکانی ناوەڕاستدا له زۆربەی وڵاته ئوروو‌پاییەکان پاشا یا میر حکوومەتیان دەکرد. هێز و قودرەتی ئەو پاشایانه به شەڕکەرەکان و ئەشرافانەوە بەسترابۆوە، چونکه بۆ نەفەوتان و ڕاگرتنی حکوومەتەکانیان پێویستییان به هێزی شەڕکەر و لایەنی دارایی هەبوو به تایبەت له ئینگلیز.



جۆن ئونەلاند

له ساڵی ١٢١٥ جۆن ئونەلاند"Johann Ohneland"(١١٦٦ - ١٢١٦) شای ئینگلیز له لایەن ئەشرافەکانەوە ناچار به سەلماندنی "ماگنا کارتا" کرا. "ماگنا کارتا" نووسراوەیەك بوو که لەوێدا مافی ئەشراف و وەرزێرانیان دیاری کردبوو. لەو نووسراوەیەدا وەك یاسا دیاری کرابوو که دەبوو شا وەك ئەرکێک لایەنگرییان لێ بکا. لەونووسراوەیەدا هاتبوو که ئەشراف بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی وەك گۆڕینی یاسا، زۆرکردنی ماڵیات و ... دەتوانن مافی بڕیاردانیان هەبێ - که دواتر ناوی "پەندی گشتی" لەسەر دانرا. له سەدەی سێزده بەولاوه "پەندی گشتی" بوو به "پارلمان". دواتریش له ساڵی ١٢٦٥ بەولاوه لەگەڵ ئەشراف، نوێنەری دەوڵەمەندەکان و دوو کەسی ئاسایش له هەر شارێکەوه بەشداری پارلەمانیان دەکرد. دوای ماوەیەك پارلمان بوو به دوو بەشەوه: "ماڵی ئەشڕاف" که تەنیا ئەشرافی تێدا بەشدار بوون و بەشی دووهەم به ناوی "خانووی کۆمۆن" که پلەیەك خوارەوەتر بوو که "خانووی ئەشڕاف"، و دەوڵەمەندان و خەڵکی ئاسایی تێیدا بەشدار بوون.

هەرچەند زیاتر کات تێپەڕ دەبوو، بەو ئەندازەیەش کارتێکەری و بەشداری خەڵك له پارلمان زیاتر دەبوو. بەتایبەت له بەشی "ماڵی کۆمۆن"، چونکه به هۆی گەشەکردنی بارودۆخی ئابووری بەشێکی زۆر له تاجران دوای ماوەیەکی زۆر دەوڵەمەند ببوون و هەستی بەشداریکردنیان له پارلمان

پەرەی گرتبوو. بەشی "خانووی ئەشراف"، لە مانگرتنی خەڵکیدا سەبارەت بە کێشەکانی کومەڵگا، دایم لایەنی شایان دەگرت. لەو ماوەیەش دا شاکان هەوڵی کەم کردنەوەی ماف و هێزی پارلمانیان دەدا و پارلمانیش بۆ زیاتر کردنی هێز و مافەکانیان بەربەرەکانیان لە بەرابەر شا و ئەشرافدا دەکرد.

لە ساڵی ١٦٤٠ "کارڵ ی یەکەم" (Karl I) (١٦٠٠ - ١٦٤٩) پاشای کاتی ئینگلیس بۆ دابین کردنی خەرج و مەخارجی شەڕ، کە دەیهەویست دژ بە "ئیرلەند" بەڕێوەی بەرێ، داوای زۆرکردنی مالیاتی لە پارلمان کرد. پارلمان داوای شای رەد کردەوە، کە لە ساڵی ١٦٤٢ بووە هۆی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان سەربازانی شا و پارلمان. لەو شەڕەدا شا دۆڕاندی، لە لایەن پارلمانەوە بە دیل گیرا و دادگایی کرا. بە تاوانی شەڕ دژ بە خەڵکی، بە کوشتن مەحکووم کرا و لە ساڵی ١٦٤٩ سەریان پەڕاند. ئەو کردەوەیە بۆ ئەو کاتەی ئەودەم کە خەڵکی پێیان وابوو شا لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە، شتێکی زۆر سەیروسەمەرە بوو. دوای کوشتنی شا حکوومەتی کومار لە ئینگلیس هاتە سەر کار و ناوی (شانسی گشتی) لەسەر داندرا کە بە مانای "شانس و بارودۆخی باش بۆ هەموان"بوو.

ساڵی ١٦٥٣ کەسێك بە ناوی ئولیوێر کرۆموێل "Oliver Cromwell" (١٥٩٩ - ١٦٥٨) پارلمانی هەڵوەشاندەوە و تا کاتی مردنی بە شێوەی دیکتاتۆری حکوومەتی کرد. بەدوای ئەودا حکوومەتی پاشایی دیسان لە ئینگلیس دەستپێکردەوە و تا ئەمرۆش هەر بە شێوەی پارلمانتاری - شاهی ئیدارە دەکرێ و پارلمان لە لایەن خەڵکییەوە هەڵدەبژێردرێ و ئەوانیش یاساکان دیاری دەکەن.

## ڕێفۆرماسیۆن چ پێوەندیەکی بە دێموکراسییەوە هەیە؟

زۆر لەوە پێش، ڕێفۆرماسیۆن یا نوێژەن کردنەوە بزووتنەوەیەکی ئایینی بووە کە لە لایەن مارتین لوتەر "Martin Luther" (١٤٨٣ - ١٥٤٦) دژ بە کاتۆلیکەکان و پاپ بەڕێوە چووە. مارتین لوتەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کلیسای کاتۆلیکەکان تەنیا لە بیری بە هێزکردن و دەوڵەمەندکردنی خۆیاندان و ئەرکی سەرەکی واتە کێشەی کۆمەڵگایان لەبیر چۆتەوە. هەر بەو بۆچوونەوە مارتین لوتەر دەیهەویست نۆێسازی لە کلیسا پێك بێنێ. دوو نوێسازی دیکەش بە ناوی هولدریش چوینگل ی سویسی " Huldrych Zwingli" (١٤٨٤ - ١٥٣١) و یۆهان کالڤین ی فەرانسی " Johannes Calvin" (١٥٠٩ - ١٥٦٤) هەبوون.

"یۆهان کالڤین" بە تایبەت لە ئینگلستان لایەنگری زۆری هەبوو کە "پیوریتان"یان پێ دەگوتن. بەشێك لەو "پیوریتان"انە چونکە لە لایەن کاتۆلیکەکانەوە گوشارێکی زۆریان لەسەر بوو و هەستیان بە ئازادی نەدەکرد، لە ژێر حوکمرانی یاکۆبی یەکەم "Jakob I" (١٥٦٦ - ١٦٢٥) کە بۆخۆی کاتۆلیك بوو، ڕایان کردە ئەمریکای باکور. ئەو بەشەی لە ئینگلیسیش مانەوە، شان بە شانی پارلەمان دژ بە حکوومەتی پاشایەتی خەباتیان کرد. بەشی یەکەم بیری یەکسانی و ئازادیان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەمریکا بە دیاری برد.

هەوڵ و تێکۆشانی ئەو نوێ سازانە بووە هۆی دووبەش بوونی کلیسا و بەشی"کاتۆلیك" و بەشی"پرۆتستان"ی لێ بۆوە. بەڵام بەسەر ئەوەشدا ڕێفۆرمیستەکان نەوەستان و بوونە هۆی پێکهاتنی ئیدەی دێموکراتیك و دامەزراندن و هاتنە ناو کۆمەڵگای یاساکانی دێموکراسی. مەزنترین دەرسی "چوینگلی" و "گالڤین" بۆ کۆمەڵگای ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە "هەموو مرۆڤ لە بەرامبەر خودادا یەکسانن" هەر بەو شێوەیەی لە ئینجیلدا هاتووە. هەر بەو هۆیە هەموو مرۆڤ دەبوو لە بەرامبەر یاساکانیشدا بەرانبەر بن. ئەوە بۆ کۆمەڵگای ئەودەم، نوێسازییەکی زۆر گرنگ بو. لەسەر باوەڕی ئەودەم، کۆمەڵگا بە چەند کۆلکە کە هەرکام مافی تایبەتی خۆیان هەبوو دابەش کرابوون. هەر مرۆڤێك لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بەسەر یەکێك لەو کۆلکانەدا دابەش دەکرا. بەو مانایە کە مافەکانی لە ڕۆژی

لەدایکبوونیەوە دیاری دەکران. کۆلکەکان بریتی بوون لە "وەرزێر و دەستکار"، "دەوڵەمەند"، "ئەشراف" و "پاشا" کە پێشتریش ئاماژەیان پێکرا.

یەکێکیتر لە دەرسەکان، ئازادی مافی بیرکردنەوە بوو. بەومانایە کە هەموو کەس دەیتوانی کلیسایك بە مەیلی خۆی هەڵبژێرێ، بە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی بۆ پێش بێ. ئەوە بۆ کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، هەنگاوێکی زۆر گەورە بەرەو دێمۆکراسیی مودێرن بوو.

## ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆن دامەزرا؟

هەر وەك پێشتر باسمان لێکرد، "پیوریتان"ە مەسیحییەکان لە ئینگلیسەوە بیری یەکسانی و ئازادی مرۆڤیان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەمریکای باکوور بە دیاری برد. ئەوان لەوێ بەو قەناعەتە گەیشتن کە خەڵکی بۆخۆیان کاروباری حکوومەت بەدەستەوە بگرن. هەر لەسەر ئەو مودێلەی پارلمانی ئینگلیس، ئەمریکاییەکانیش پارلمانی خۆیان لە ١٣ ولاتی ئەو کات دامەزراند کە کاروباری دەوڵەتییان تێدا بەڕێوە دەچوو.

بە تێپەڕبوونی کات ئەو کۆلۆنیستانە خۆیان لە ئینگلیس کێشاوە و ناوی ئەمریکایی یان لەسەر خۆیان دانا. دیارە ئینگلیسیەکان کە ئەو کۆلۆنییانەیان بە ملْکی خۆیان دەزانی، سەربەخۆیی ئەوانیان پێ خۆش نەبوو و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تێکدان و شێواندنیان دەدا. شای ئینگلیس بە بەهانەی یارمەتی دانی ماڵیی بە دەوڵەت ، ماڵیاتی لەسەر ئەو کۆلۆنییانە زیاد کرد. کۆلۆنیستەکان مل یان نەدا و نەچوونە ژێر باری ئەو ویستەی شای ئینگلیس. لەسەر ئەو کێشەیە لە ساڵی ١٧٧٤ دا ئەو کۆلۆنییانە کۆنگرەیەکیان پێکهێنا و نوێنەرانی هەر ١٣ وێلایەتەکانی ئەمریکای باکوور کۆبوونەوە. لەو کۆنگرەیە دا بە روونی باس لەسەر مافی نەتەوەی ئەمریکایی کرا و ئەوەیکە وەك چۆن ئینگلیس مافی پێکهێنانی حکوومەتی هەیە، ئەمریکاییەکانیش ئەو مافەیان هەیە. دەوڵەتی ئینگلیس ئەو مافەی ئەوانی بە ڕەوا نە نەناسی و ئەوە بوە هۆی شۆڕشی ئەمریکاییەکان بە سەرکردایەتی ژێنراڵ جۆرج واشینگتۆن "George Washington " (١٧٣٢ - ١٧٩٩) دژ بە ئینگلیسییەکان کە دواتر بوو بە هەوەڵین سەرەک کۆماری ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو شەڕە چەند ساڵێکی خایاند کە لە کۆتاییدا کلۆنیستەکان سەرکەوتن.

## رۆشنبیریی چ كاریگەرییەكی لەسەر دیموكراسی هەبوو؟

كۆلۆنیستە ئەمریكاییەكان لە پەنا بیر و باوەڕی "پیوریتان"ەكان كە بریتی بوون لە ئازادی و مافی هاوتایی، كەوتبوونە ژێر كارتێكەری ئاڵوگۆڕە تازەكانی ئوروپا لە سەدەی هەژدە دا كە ناوی رۆشنبیری لەسەر دانرابوو. ئیتر مرۆڤ وەك تاقێكی بێ ماف نەدەبینرا بەڵكوو وەك ئینسانێكی ژیر كە بۆخۆی مافی چارەنووسی دیاری دەكا، چاوی لێدەكرا. بیرمەندان و هەڵسووڕێنەرانی رۆشنبیرەكان مێشكی خۆیان بۆ داڕشتن و پێكهێنانی كۆمەڵگایەك وەكار خستبوو كە داوای مافی ئازادی و ژیانی بێ كێشەی بۆ مرۆڤ دەكرد.

فەیلەسۆفی ئینگلیزی جۆن لۆكە "John Locke" (١٦٣٢ – ١٧٠٤) یەكەمین رۆشنبیر بوو كە بە پشتیوانی خەڵك داوای دەوڵەتێكی كرد كە هەموو مافەكانی مرۆڤی تێدا بەدی دەكرا. لە نووسراوەیەكیدا رایگەیاند كە ئەو زۆرەملییەی لە دەوڵەتدا حاكمە سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی خەڵكی و زۆرەملییەكە لە لایەن پارلەمانەوە وەك نوێنەری خەڵكی بەڕێوەدەچێ. بەرپرسایەتی دەوڵەت خزمەت كردنە بە خەڵك و دەشبێ بۆ مافی تاك تاكی مرۆڤ تێبكۆشێ. ئەگەر غەیری ئەوە هەڵس و كەوت بكرێت، رەنگە خەڵك خۆی دەوڵەتێكی نوێ پێكبێنێت. جۆن لۆكە لایەنگری رژیمی شاهی بوو.

ئەو ئیدەیەی جۆن لۆكە لە لایەن فەرانسەییەكەوە بە ناوی شارل سێكۆندات دێ مۆنتسكیو "Charles de Montesquieu" (١٦٨٩ – ١٧٧٥) درێژەی پێدرا و بەناوی رێخۆشكەری دیموكراسی ناسرا.

مۆنتسكیو رێگاكەی لۆكەی زیاتر پەرەپێدا و هەوڵی كەم كردن و بەرتەسك كردنەوی هێزی حاكمییەتی دەوڵەتی دا. ئەو پێشنیاری كرد كە لە پەنا دەوڵەت و پارلەمان هێزێكی سێیهەم لە دادوەر و پارێزەر پێك بێت كە بتوانرێت شێوەی توند و تیژیی و هەڵس و كەوتی كاربەدەستانی حكوومەت لە هەمبەر خەڵكیدا كۆنترۆڵ بكرێت. ئەوە بەو مانایە بێت كە یاسا و مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتەوە بە باشی بەڕێوە بچێت و كەڵكی خراپی لێ وەرنەگیرێت. ئەو ئیدەیەی مۆنتسكیو كارتێكەریەكی زۆری لەسەر شۆڕشی فەرانسە و ئاڵ و گۆڕیی یاسا لە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دانا.

## شۆڕشی فەڕانسە چۆن پێکهات؟

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، کە لە ئینگلیز پارلەمانی مۆنارشی پێك هات و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد سەرکەوتن، لە فەڕانسە رژیمی شایی لەسەر کار بوو. فەرانسەییەکان ئاڵ و گۆڕەکانی وڵاتی ئینگلیز و چۆنییەتی شۆڕشی کۆلۆنیستەکانیان بە وردی لە ژێر چاوەدێری خۆیان گرتبوو و بە کارتێکەری ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لە ناوچەدا پێکهاتبوو، داوای حکوومەتێکیان دەکرد کە خەڵك خۆی بەشداری تێدا هەبێت و مافی چارەنووسی دیاری بکات.

بارودۆخی ئابووری ئەوکاتی فەڕانسە زۆر خراپ بوو. سەرەڕای قات و قڕی و برسییەتی و نەدارییەک کە خەڵکی فەڕانسە تووشی ببوون، بۆ دابینکردنی مەسرەفی شەڕ و ژیانی لوکسی شا و بنەماڵەکەی گوشارێکی زۆریان بۆ دانیماڵیات لەسەر بوو کە دەبوو بە دەوڵەتیان بدابایە.

لە ساڵی ١٧٨٢ کەسێك بە ناوی مارکی دێ لافایێت " Marquis de La Fayette" (١٧٥٧ - ١٨٣٤) کە بەشداریی لە شۆڕشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ مافی سەربەخۆیی کردبوو، گەڕایەوە بۆ فەڕانسە. ئەو لە فەڕانسە هەوڵی دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئیدەی دێموکراسی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی خەڵکی لە شێوەی ئەوکاتی ئەمریکا کە خۆی ئەزموونی عەمەلی تێدا هەبوو.

بە دوای ئەوەدا کە شای فەڕانسە لودویگ ی ١٦ "Ludwig XVI" (١٧٥٤ - ١٧٩٣) بۆ جارێکی تر دەیهەویست مالیات لەسەر شاروەندانی فەڕانسە زیاد بکات و بەو کارەی خەڵکی برسی و هەژاری شارەکەی دژ بە خۆی هان دەدا، لە ڕۆژی ١٤ ی مانگی جولای ساڵی ١٧٨٩ دا خەڵکی فەڕانسە هێرشیان کردە سەر بەندیخانەی باستیل و هەموو بەندکراوەکانیان ئازاد کرد کە ئەوە بووە دەستپێکێك بۆ شۆڕشی فەڕانسە واتە شوڕشی خەڵکی دژ بە حکوومەتی ویشکی شاهی.

لە ڕۆژی ٢٧ مانگی ئاگوستی ساڵی ١٧٨٩ لە لایەن مەجلیسەوە کۆبوونەوەیەکی گشتی ڕاگەیێنرا کە لەوێدا لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە داوای وەرگرتنی مافی مرۆڤ و مافی شاروەندان کرابو، کە دەبوو لە لایەن

پاشاوه مۆر کرابایه. شا ئەو نووسراوەیەی رەد کردەوە. کاتێ پلانی بەرگری شا ئاشکرا کرا، کە دەیهەویست بە دزییەوە دژبە خەڵکی بەڕێوەبەرێت، بەدیل گیرا و دوای محاکمە بە ئیعدام مەحکووم کرا و کووژرا. لای کەم سەدەیەکی کێشا تا لە فەڕانسە حکوومەتێکی دێموکراتیك پێك بێ، بەڵام بە هۆی ئەو شۆڕشەوە ئیدەی دێموکراسی لە فەڕانسە لە دایك بوو.

## دێموكراسی له‌ ئاڵمان چۆن پێكهات ؟

ماوه‌یه‌كی زۆری خایاند تا له‌ ئاڵمان حكوومه‌تێكی دێموكراتیك بێته‌ سه‌ر كار. زۆر له‌مه‌وبه‌ر له‌وكاته‌وه‌ كه‌ حكوومه‌تی مۆنارشی(شاهی) له‌ ئاڵمان له‌سه‌ر كار بووه‌، هه‌وڵی ریفۆرم بۆ پێكهێنانی كۆمه‌ڵگای دێموكراتیك دراوه‌. به‌تایبه‌ت له‌ژێر كارتێكه‌ری شۆرشی فه‌ڕانسه‌ و كاتی له‌سه‌ركاربوونی شاكانی پروس هاتبوونه‌ سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ كه‌ كات ئاڵ و گۆڕی به‌سه‌رداهاتوه‌ و ده‌بێ حكوومه‌ته‌كانیش گۆڕانكارییان به‌سه‌ردابێت و شا و میریش هه‌ڵس و كه‌وت له‌گه‌ڵ ئه‌و بارودۆخه‌ نوێیانه‌ بكه‌ن. كارل فرایهێر "Karl Freiherr" (١٧٥٧ تا ١٨٣١) و كارل ئاوگووست " Karl August" میری "هاردن بێرگ [١٧٥٠ تا ١٨٢٢]له‌ به‌ینی ساڵانی ١٨٠٧ تا ١٨١٠ ریفۆرمێكیان پێك هێنا كه‌ بوه‌ هۆی به‌دیاری هێنانی ئازادییه‌كی زۆر بۆ خه‌ڵكی.

زۆربه‌ی شا و میرنشینه‌كانی ئه‌وكاتی ئاڵمان پێیان وابوو كه‌ ئیده‌ی دێموكراسی دوای ماوه‌یه‌ك له‌ ناو ده‌چێ و ئه‌و ئازادییه‌ ڕێژه‌ییه‌ی كه‌ خه‌ڵكی به‌ده‌ستیان هێناوه‌ له‌بیر ده‌چێته‌وه‌ و په‌یوه‌ندیی خه‌ڵكی ئاسایی و شا و میر وه‌ك پێشووی لێ دێته‌وه‌، به‌ڵام به‌ پێچه‌وانه‌ به‌ هۆی په‌ره‌سه‌ندنی پیشه‌سازی بارودۆخی ئابووری خه‌ڵكی رۆژ به‌ رۆژ به‌هێزتر ده‌بوو كه‌ ئه‌وه‌ ده‌بوه‌ هۆی به‌شداری و ده‌ستتێوه‌ردانی زیاتری خه‌ڵكی له‌ كاروباری سیاسی وڵات و له‌ كۆتاییدا وه‌ده‌ستهێنانی مافی ئازادی بۆ خه‌ڵكی و كه‌مكردنه‌وه‌ی هێزی بڕیاری پاشا و میرنشینه‌كان له‌مه‌ڕ چاره‌نووسی خه‌ڵكی.

مه‌به‌ستێكی گرنگتر ئه‌وه‌بوو كه‌ له‌و هه‌موو میرنشینه‌ سه‌ربه‌خۆیانه‌ی ئه‌وكات وڵاتێكی یه‌كپارچه‌ و پته‌و پێك بێنن. بارودۆخی سیاسی و گوشارهێنانی ئازادیخوازی بوه‌ هۆی ده‌ستپێكی شۆڕشێك له‌ ساڵی ١٨٤٨ له‌ ئاڵمان و ئوتریش كه‌ شا و میر په‌یتا په‌یتا به‌ڵێنی ئازادی زۆرتریان بۆ خه‌ڵك له‌ كۆبونه‌وه‌كاندا ده‌دا. له‌ ڕۆژی ١٨ی مای ساڵی ١٨٤٨ بۆ یه‌كه‌مین جار نوێنه‌ری هه‌موو ناوچه‌كان و میرنشینه‌كانی ئاڵمان له‌ كلیسای "پاولس" له‌ فرانكفۆرت كۆبونه‌وه‌یه‌كی گشتییان پێكهێنا بۆ دیاری كردنی یاساكان و مافی گشتی خه‌ڵكی ئاڵمان. ڕۆژی ٢٨ ی مارسی ١٨٤٩ هه‌وه‌ڵین یاساكانی مافی ئازادی له‌ لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه‌ راگه‌یێندرا، به‌ڵام هێزی دێموكراتیك تا

ئەوکات نەیتوانیبوو بە تەواوی بەسەر هێزی شا و میردا کە هێشتا بڕیاریان لەسەر چارەنووسی خەڵکی دەدا، زاڵ بێ.

بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی چالاکی دێموکراتخوازان و تامەزرۆبوونی خەڵک بۆ دێموکراسی و مافی ئازادبوونی کۆمەڵگا، رۆژبەرۆژ لە هێزی شا و میر کەم دەبۆوە و یاساکان و مافەکانی خەڵکی بەهێزتر دەبوون. بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٧١ ئاڵمانێکی یەکپارچە و تا ڕادەیەك دێموکراتیك بە رێبەرایەتی ئۆتۆ فۆن بیسمارك "Otto von Bismarck " (١٨١٥ – ١٨٩٨) پێکهات کە فەرمانڕەوایی بەسەر تەواوی میر نشینەکاندا دەکرد. لەو حکوومەتەدا پارلەمانێکیش هەبوو کە نوێنەرانی خەڵکی بەشداریی کاری حکوومەت و دانانی یاساکانیان دەکرد.

ساڵی ١٩١٨ هاوکات لەگەڵ دۆڕاندنی ئاڵمانییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەردەمی پاشایی و قەیسەریی ئاڵمان زۆر کز ببوو. بە پێچەوانەی وڵاتەکانی دیکەی ئورووپا ئاڵمان ئەزموونێکی زۆری لەمەڕ دێموکراسی و بەڕێوەبردنی حکوومەتی دێموکراتیك نەبوو. حیزبەکان کەوتبوونە بەربەرەکانی و شەڕی خیابانی دژ بە یەکتر. کۆمۆنیستەکان داوای حکوومەتی سوسیالیستییان دەکرد، ژمارێك دەیانهەویست هەمیسان شا و قەیسەر بێنەوە سەر کار و ناسیۆنالیستەکانیش داوی حکوومەتێکی دیکتاتۆڕی یان دەکرد . کاتێ لە ساڵی ١٩٢٩دا بارودۆخی ئابووری جیهان رۆژبەرۆژ خراپتر دەبوو و دەرسەدی بێکاری لە ئاڵمان رێکۆردی شکاندبوو. لە هەڵبژاردنەکانی ئاڵماندا، بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی دروستەوە، هیچکام لە حیزبەکان دەنگی زۆرینەیان نەهێنابۆوە، کەسێك بە ناوی ئادۆڵف هیتلێر "Adolf Hitler" (١٨٨٩ - ١٩٤٥) کە دروشمی ناسیۆنالیستی بڵاو دەکردەوە و لە لایەن پۆلیسی نهێنی بە ناوی "گشتاپۆ" وە پارێزگاری لێدەکرا، بە تێرۆڕ و زۆرە ملی و دانی وەعدەی باش کردنی بارودۆخی ئابووری و کەم کردنەوەی ژماری بێکاران و ... ، هەڵبژێردرا و کارو باری دەوڵەتی گرتە ژێر رکێفی خۆی و بەوجۆرە دیکتاتۆڕیی لە ئاڵمان دەستپێکرا کە بوە هۆی کوشتار و سووتاندنی زیاتر لە ٦ میلیۆن جوولەکە و لە نەهایەتدا هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی!

## کۆماری فیدراڵی ئاڵمان چۆن دامەزرا؟

دوای دۆڕاندنی شەڕی دووهەمی جیهانی, وڵاتانی یەکگرتوو کە بریتی بوون لە ئەمریکا، ئینگلیز و فەرانسە، لە ئاڵمانی رۆژئاوا پارلەمانێکی دێموکراتیکیان پێکهێنا. لە ساڵی ١٩٤٨ داوایان لە وەزیرانی هەموو ئەیالەتەکانی ئاڵمان کرد کە لەمەڕ داڕشتن و تێئوریزەکردنی یاسا دێمۆکراتیکەکان کۆببوونەوە بکەن. دیارە بە هۆی ئەوەوە کە رۆژهەڵاتی ئاڵمان لە ژێر کارتێکەری رژیمی شووڕەویدا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوون، بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوانە تەنیا لە بەشی رۆژئاوا بە ئەنجام گەیشت و ئەو دووبەرەکییە بوە هۆی دوو بەش بوونی ئاڵمان واتە ئاڵمانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات. ساڵی ١٩٤٨ لە رۆژهەڵات حیزبی سوسیالیستی ئاڵمان (SED) پێکهات کە تا ساڵی ١٩٨٩ حکوومەتی کرد. یاسای نوێی دێموکراتیك لە ئاڵمانی رۆژئاوا لە رۆژی ٢٣ مای ١٩٤٩ دەستی بەکار کرد و یەکەمین سەدری ئەعزەمی ئاڵمان بە ناوی کۆنراد ئادەناوەر "Konrad Adenauer" (١٨٧٦ - ١٩٦٧) لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا کە پێتەختەکەی شاری بۆن بوو. لەولاشەوە مانگێك دواتر شوورەوی ئاڵمانی رۆژهەڵاتی پێکهێنا و رۆژهەڵاتی برلین بووە پێتەختەکەی.

بەهووی نەبوونی دێموکراسی و گۆڕانکاری و هەرەس هێنانی سیاسی لە وڵاتانی رۆژهەڵات بە تایبەت شوورەوی و ئەوەی کە لە ئاڵمانی رۆژهەڵات تەنیا یەك حیزب لە سەر کار بوو و خەڵکیی هیچ ئاڵترناتیوێکی تریان لە بەرانبەر ئەو حیزبەدا بۆ هەڵبژاردن نەبوو ، لە ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٠ هەردوو ئاڵمانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بوونەوە یەك دەوڵەت و ئاڵمانی گەورە کەوتە ژێر سێبەری یاساکانی دێموکراسی.

## بەشی سێ هەم: چۆن دەوڵەتێکی دێموکراتیك بەڕێوەدەچێ

### دێموکراسی راستەوخۆ یانی چی؟

ئەو کات لە شاری "ئاتێن" هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا بەردەوام لە بازاڕ کۆبوونەوەیان دەکرد و لەسەر چۆنیەتی یاساکانی مافی مرۆڤ ئاڵ و گۆڕی بۆچوونەکانیان دەکرد و یاساکانیان بەسەر حکوومەتدا دەسەپاند.

ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیەی ئەوکات، هەڵس و کەوت دەکرێ. بۆ نموونە لە نێوان گرووپە بچووکە جۆرواجۆرەکان و لە قوتابخانەکان و ... هەر گرووپەی نوێنەری خۆیان هەیە.

دێموکراسی راستەوخۆ بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێ:

- هەموو بەشداران راستەوخۆ لە کۆبوونەوەکان و بڕیاردانەکاندا لە جێگایەکی دیاریکراو بەشدارن.
- خەڵکی لە کۆبوونەوەکاندا ڕاستەوخۆ دەنگی خۆیان دەردەبڕن.

دیارە لە کۆمەڵگای مودێرنی ئەمڕۆ و لە شارە گەورەکانی کە زیاتر لە چەند ملیۆن حەشیمەتیان تێدا دەژی، بەشداری سیاسی خەڵکی بە شێوەی ئەوکات نەگونجاوە. تەنانەت بە تکنیکی مودێرنی کامپیوتریش ناکرێ ئەوهەموو مرۆڤە لە جێگایەك کۆکەنەوە و بە شێوەی راستەوخۆ بەشداری دیالۆگی سیاسیان بکەن چونکە، مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا هەرکام رێگای سیاسی خۆیان هەیە و بۆچوونەکان جیاوازن و لە دیالۆگی راستەوخۆدا زۆر ئەستەمە ئاکامێك پێك بێ!

لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ دانانی هەر یاسایەك بۆ بوارە جۆرواجۆرەکان، زانیاری و زانایانی تایبەت بە خۆی دەوێ. بۆ نموونە ئەگەر بڕیار لەسەر یاسایەك سەبارەت بە فرۆکەخانە یا دانانی ناوەندێکی ئەتۆمی بدرێ، بە بێ زانیاری لەسەر ئەو دیاردانە ناکرێ یاسای بۆ دابندرێ. ئەوە بەو مانایەیە کە شێوەی دێموکراسی راستەوخۆی رابردوو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ

وەڵامدەری دانانی یاساکان بە دروستی بێ، چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ لەسەر بوارێك بڕیار بدا کە زانیاریی لەسەر نەبێ. مەسەلەیەکی گرنگتریش ئەوەیە کە دەبێ بۆ دانانی هەر پرۆژەیەك لایەنی ئابووریی و ئەوەیکە هیچ زیانێکی بۆ سروشت نەبێ و پێشبینیی داهاتوی و زۆر پرسیاری تر، لێکبدرێتەوە و داهاتووی شی بکرێتەوە کە ئەوەش لە خۆیدا دیسان پێویستیی بە پسپۆری تایبەت بە خۆی هەیە.

خەڵکانی ئەمڕۆ نوێنەرانێك هەڵدەبژێرن کە بتوانن داخوازییەکانیان بە ڕاست بگێڕن. بۆ دیاری کردنی ڕێگا و پلانەکان و ئەوەیکە چ پرۆژەیەك لە داهاتوودا لە بەرنامەی کار دایە، حیزب پێك دێت. حیزبەکان بەرنامەی حیزبی خۆیان لە مێدیاکانەوە رادەگەیێنن و خەڵکی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان دەنگی خۆیان بە نوێنەری حیزبەکان دەدەن. دیارە ئەو حیزبەی کە دێتە سەر کار ئەگەر ئەو بەرنامەیەی کە بە خەڵکی راگەیاندوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە ئەنجام نەگەیێنێ و ئەو کەسانەی هەڵیانبژاردوە رازی ڕانەگرێ، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا زۆر شانسیان نابێ و خەڵکی مافی خۆیانە کە دەنگی خۆیان بە نوێنەرێکی تر بدەن.

## حیزبەکان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟

تاکە کەسەکان بە تەنیا هیچ شانسێکیان نییە کارتێکەرییان لەسەر داهاتووی وڵات هەبێت یاخۆد گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگا پێک بهێنن! هەربەو هۆیەوە ئەوسیاسەتوانانەی کە بیر و باوەڕ و ڕێگایان لێك نزیکە، گرووپ و حیزبە جۆرواجۆرەکان پێك دێنن. بەو شێوەیە دەتوانن پتەوتر بانگەشە بۆ بیر و بڕوایان بکەن و خەڵکی هاوبیری زۆرتر لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زیاتر بۆ خۆیان وەدەست بێنن و لە کۆتاییدا کورسی زیاتر لە پارلمان بگرنەوە.

هەرچەندە حیزبەکە گەورەتر بێ بەو ئەندازەیەش نوێنەری لە پارلەماندا زیاتر دەبێ. بۆ هاتنە سەرکاری دەوڵەت دەبێ یەکێك لە حیزبەکان زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بێنی. ئەگەر هیچ کام لە حیزبەکان دەنگی زۆرینەیان نەهێناوە، دەبێ دوو یا چەند حیزب پێکەوە (زۆرینەی دەنگەکان) بۆ بەڕێوەبردنی کاری دەوڵەت ڕێك کەون.

ئەو حیزبانەی کە دەنگی کەم دێننەوە، بە ناوی "ئۆپۆزیسیۆن" کە لە وشەی "ئۆپۆنێرە"ی لاتینیەوە دێت ، لە بەرابەر دەوڵەتی پێکهاتوو لە حیزب یا حیزبەکانی زۆرینە دا رادەوەستن و هەڵەکان و بۆچوونە ناڕاستەکانی دەوڵەت زەق دەکەنەوە. ئەوان چاوەڕوانیی دەکەن کە حکوومەت هەڵە بکا و دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ هەڵەکانی دەوڵەت بۆ خەڵکی روون بکەنەوە، بەو هیوایەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خۆیان لە حکوومەتدا بەشداریان هەبێ. ئەوە یەك لە لایەنە باشەکانی دیموکراسییە کە بە بی شۆڕش، بە بێ شەڕ و خوێنڕێژی و بە شێوەیەکی شارستانی گۆڕانکاری حکوومەت دەکرێ.

## چۆنییەتی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا ؟

لە کۆمەڵگەیەکی تەواو دێموکراتیکدا هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا مافی هەڵبژاردنیان هەیە. هەڵبژاردنی دێموکراتیك دەبێ ئەو تایبەتمەندیانەی هەبێت :

- **هەڵبژاردن دەبێ گشتیی بێت،** بەو مانایە کە هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە مافی هەڵبژاردنیان هەبێت جیاواز لەوەی پیاو یا ژن ، رەش یا سپی ، فەقیر یا دەوڵەمەند بن.
- **دەبێ دەنگەکان هەموو یەکسان بن،** بەو مانایە کە دەنگەکان لە بژاردن دا یەك نرخیان بۆ دابنرێ. زۆر لەمەو بەر دەنگی دەوڵەمەندەکان زیاتر بە حیساب دەهات تا دەنگی خەڵکانی تر. لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ تا ١٩١٨ کاتی لەسەرکاربوونی پاشای پرۆسەکان، دەنگدەرەکان بەسەر سێ کلاسەدا دابەش کرابوون. هەرکەس دەوڵەمەندتر بایە وماڵیاتی زیاتر بە دەوڵەت بدایە دەنگەکەشی لە هەڵبژاردنەکاندا نرخی زۆرتری هەبوو!
- **دەنگدانەکان دەبێ شاراوە بن،** چونکە هەر مرۆڤێك دەبێ بتوانێ ئازادانە دەنگی خۆی دەربڕێ، بە بێ ئەوەی ترسی لە دوارۆژ هەبێ کە ڕەنگە کاردانەوەی هەبێ ئەگەر دەنگی خۆی بە حیزبێکی تایبەت نەدا! هەرکام لە دەنگدەران بە بێ ئەوەی ناوی خۆیان لەسەر کاغەزی دەنگدانەکە بنووسن، فۆڕمی تایبەتیی پڕ دەکەنەوە و لەناو پاکەتێکی ئاسایی دەخەن و پاکەتەکە دەخەنە ناو سندووقی دەنگەکانەوە کە لە لایەن چەند کەسی دیاریکراوەوە کونترۆڵ دەکرێ کە تەنیا یەك پاکەت واتە یەك دەنگ بخرێتە ناو سندووقەکەوە. دوای تەواو بوون سندووقەکان لە لایەن کەسانی دیاریکراو بە ئامادەبوونی شاهیدانی دیاریکراوی بێ لایەن دەخوێندرێتەوە و بە یارمەتی کامپیووتر دەنگەکان ڕادەگیرێن و ئاکامەکەی لە مێدیا گشتییەکانەوە بە خەڵکی ڕادەگەیێندرێ.

لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا هەر مرۆڤێك لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ هەر پۆستێکی سیاسی کە پێیخۆشبێ دەتوانێ خۆی کاندید بکا.

## له دەوڵەتی دیموکراتیکدا چۆن پارلەمان پێك دێت؟

پارلمان یاخود نوێنەرانی کۆمەڵگا له لایەن دەنگدەرانەوه بۆ ماوەیەکی دیاریکراو(٤ تا ٥ ساڵ) هەڵدەبژێردرێن. هۆی دانانی ماوه بۆ پارلمان ئەوەیه که ئەگەر خەڵکی له حیزب یا نوێنەرێك ناڕازی بوون، مافی ئەوەیان هەبێ حیزب یا نوێنەرێکی تر هەڵبژێرن.

ئیشی پارلمان دانان یا گۆڕین و دەست تێوەردانی یاساکانه. بەو شێوەیه که له پارلمان نوێنەرانی خەڵکی بۆچوونی خۆیان لەسەر لایەنه باش یا خراپەکانی بابەتەکه دەدەن و دوای شی کردنەوه و روونکردنەوه بڕیار لەسەر دانان، گۆڕین یا ڕەدکردنەوەی یاساکان دەدەن. هەر حیزبێك نوێنەری زیاتر له پارلماندا هەبێ بەو ئەندازەیەش دەتوانێ لەسەر دانان یا رەدکردنەوەی یاساکان کارتێکەری هەبێت.

له دەوڵەتی دیموکراتیکدا دوو شێوه فۆڕمی حکوومەتی هەن، یەکەم جومهووری(کۆماری) **"پرەزیدیال"** وەك له ئامریکا یا فەرانسه که لەلایەن خەڵکییەوه کەسێك بەناوی سەرکۆمار هەڵدەبژێردرێ و ئەو به هاوکاری وەزیرەکانی بڕیار لەسەر کاروباری دەوڵەت دەدەن. فۆڕمی دووهەم جومهووری(کۆماری) **"پارلەمێنتار"** ە که لەوێدا حکوومەت له لایەن پارلەمانەوه دیاری دەکردرێت. ئەو حیزبەی که زۆرینەی له پارلەماندا هەیه دەتوانێ له نێو خۆیدا کەسێك وەك سەرکۆمار هەڵبژێرێ. بڕیاردان لەسەر کاروباری دەوڵەت هەر وەك پێشتر باسمان لێکرد له لایەن نوێنەرانی خەڵکی له پارلەماندا دەدرێت.

## حیزبەکانی 'ئۆپۆزیسیۆن' چ ئەرکێکیان هەیە؟

ئەو حیزب یا حیزبانەی پێکەوە زۆرینەی دەنگەکانیان هێناوەتەوە شان بەشانی حکوومەت کار و باری دەوڵەت بەڕێوە دەبەن. یەکێك لە ئەرکە گرنگەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو حیزبانە کە دەنگی زۆریان نەهێناوەتەوە، واتە "ئۆپۆزیسیۆن"، کە لە بەرانبەر دەوڵەت ڕادەوەستن و هەڵەکان و بۆچوونە ناڕاستەکانی زەق دەکەنەوە و لە ڕاستیدا ئەرکی کونترۆڵی حکوومەتیان لەسەر شانە. بۆ نموونە ئەو پرسیارانە یاخود ئەو ڕەخنانەی "ئۆپۆزیسیۆن" لە دەوڵەتی دەکا، دەبێ دەوڵەت لە بەرانبەر خەڵکیدا وەڵامدەری پرسیارەکانیان بێ. کە ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە ئاگادارکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکی لە ڕووداوەکانی ناو حکوومەت.

لەو وڵاتانەی کە حکوومەتی دێموکراتیك لەسەر کار نین، دەوڵەت دەتوانێ بە بێ هیچ لەمپەرێك و زۆر بە هاسانی یاساکان بەسەر خەڵکی دا بسەپێنێت چونکە هیچ "ئۆپۆزیسیۆن"ێك نییە کە هەڵەکان و بۆچوونە ناڕاستەکانیان زەق کاتەوە. بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە تەنیا یەك حیزب لەسەر کارن، زۆر ئەستەم دەتوانرێ کونترۆڵی کارو باری ناو دەوڵەت بکرێ یان ئەوەی ئایا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هیچ فڕوفێڵێك لە کاریان دا نییە!

## چلۆن یاسا دادەندرێ؟

لە کۆمەڵگای نوێی ئیمرۆدا بە بێ یاسا هیچ کارێك ناگاتە ئەنجام، جا لە ماڵیاتەوە بگرە تا مافی منداڵ و لە مافی خانەنشینەکانەوە تا مافی ئاژەڵ و ... . لە راستیدا بۆ هاسانکاری و هەڵس و کەوتی مرۆڤ لەگەڵ یەك، ئەو تەوەرانەی کە مرۆڤ بیری بۆی دەچێ، یاسای خۆیان هەیە.

بۆ نموونە پرۆسەی رەدکردن یا دانانی یاسا بۆ پارێزگاری لە مافی ئاژەڵ بەو شێوەی خوارەوە بەڕێوەدەچێ:

- کێشەکە دیاری دەکرێت.
- پێشنیارەکان یاخود رێگەچارەکان دەدۆزرێنەوە.
- لەسەر پێشنیارەکان قسە دەکرێ.
- لە پارلەمان بڕیاری یەکەمی لەسەر دەدرێ.
- بڕیارەکە دەچێتە ژێر دەستی لێزانان و پسپۆڕانی تایبەت بە کێشەکە.
- لە پارلەمان بڕیاری دووهەمی لەسەر دەدرێ.
- هەر لە پارلەمان بڕیاری کۆتایی واتە رەدکردن یا پەسەندکردنی یاساکە دەدرێ.

لە حکوومەتێکی دێموکراتیکدا جا سەبارەت بە هەر بوارێك کە بێ، بەو شێوەیەی سەرەوە یا شێوەیەکی هاوچەشن بەو، یاساکان لە لایەن نوێنەران و زانایان و پسپۆران، بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

## کۆماری فیدراڵ چییە؟

لە زۆر وڵاتانی دنیا، بۆ وێنە وڵاتی فەڕانسە بڕیارەکان لە هەموو بوارێکدا لە ناوەندەوە واتە لە پێتەختی فەرانسە (پاریس) دەردەچن. بە پێچەوانە، وڵاتانی ئاڵمان، سویس، ئوتریش، یا ئەمریکا، کە لە چەند ئەیالەتی سەربەخۆ پێکهاتوون هەرکام لەو ئەیالەتانە خۆیان بڕیار لەسەر زۆربەی کار و کێشەکانی خۆیان دەدەن. بۆ نموونە ئاڵمان لە ١٦ ، ئوتریش لە ٩ و سویس لە ٢٦ ئەیالەت پێك هاتوون. هەرکام لە ئەیالەتەکان پێتەخت و پارلەمان و یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە. هەموو ئەو ئەیالەتانە سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆن، لە باری "سیاسەتی دەروە" و "ئەرتەش"و پارە و زۆر شتی ترەوە هاوبەشن و یەك ناوەندیان هەیە.

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و ماڵی و ... ئەیالەتەکان، دەوڵەتی ناوەندی بەشێك لە ماڵیاتی گشتی یان بۆ تەرخان دەکات کە دەبێ ئەوان بەو بودجەیە، کاروباری ناوخۆیی خۆیان بەڕێوە بەرن.

## بەشی چوارەم: مەترسییەکان و لایەنگری لە دێموکراسی

### ئەرکی هەرکام لە ئێمە بۆ پێکهاتنی دێموکراسی چییە؟

ساڵی نوێی قوتابیخانە دەستی پێکردوە. ماموستا قوتابیەکی نویٚ بە منداڵەکان دەناسێنیت. عەلی کورێکی رەش پێستی سوودانیە کە لەگەڵ دایك و بابی لە ترسی شەڕی ناوخۆی سوودان ڕایان کردوە بو ئاڵمان و لەویٚ بوونەتە پەنابەری سیاسی ئەو دەوڵەتە. عەلی زۆری بۆ گرانە ئاڵمان بە وڵاتی خۆی بزانێت، چونکە هەموو شتێك لێرە جۆرێکی ترە. بە تایبەت کێشەی لە مەکتەبدا یەکجار زۆرە. ئەگەر بە ئیشتیای خۆی بایە چوون بۆ مەکتەبی هەر تەرك دەکرد. عەلی تەنیا قوتابیی بێگانەی ناو کلاسەکەیە. کێشەی گەورەی ئەو زمانی ئاڵمانیە. چونکە زۆربەی وشەکان حاڵی نابێت، ناتوانێ بزانێ بابەتەکان سەبارەت بە چین. مامۆستاکە بە بیٚ ئەوەی عەلی لەبەرچاو بگریٚ بە خێرایی رۆژبەرۆژ وانەکان دەلیٚ و لێیان تێپەڕ دەبیٚ. عەلی ش لەخۆی ڕانابینێت لەگەڵ مامۆستاکە لەوبارەوە قسە بکات. لە هەمووشتێك ناخۆشتر سەرنج نەدانی قوتابییەکانە سەبارەت بە عەلی کە زۆر ئازاری دەدات. زۆر جار قوتابییەکان پێی پێدەکەنن چونکە ناتوانیٚ وشەکان بە باشی بلێت. پرسیارەکانی یا وەلام نادەنەوە یا بە هەڵە پێی دەڵێن. کەس پێی خۆش نییە لە پەنای دانیشێت، دەڵێن مرۆڤی رەش بۆنیان لیٚ دێت! زۆربەی قوتابییەکان بە ڕاشکاوی بە مرۆڤی بیٚ قیمەتی ئافریقایی ناوی دەبەن.

ئەو چەشنە وێنانە لە کۆمەڵگای ئاڵمان و زۆربەی وڵاتانی تر سەبارەت بە بیانییەکان کەم نین! لە بارودۆخێکی ئاوادا هەڵس و کەوتی دێموکراتیك دێتە ژێر پرسیار. پەسەندکردنی کومەڵگای دێموکراتیك هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی ئاکتیڤ تێیدا بەشدار نەبیٚ و هەوڵی بۆ نەدا. دێموکراسی تەنیا ئەرکی دەوڵەت نییە، بەڵکوو دەبیٚ تاك تاکی مرۆڤ بەشداری تێدا بکەن و وەك ئەرکێکی گرنگی رۆژانە بەڕێوەی بەرن.

مرۆڤی دێموکرات لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا بۆ بانگەوازی بیر و بڕواکانی، دەرفەتی ئەوەی هەیە چالاکییان بۆ بکات. وەك تاکە کەس بە شێوەی نووسین، ڕۆژنامە یا پلاکارد، یا بە لایەنگری لە حیزبەکان و بەشداریکردن لە پرۆژەکانیاندا، بیر و بۆچوونەکانی خۆی بدرکێنێت. یا ئەوەی لە ناو گرووپە جۆرواجۆرەکانی سەربەخۆی خەڵکی دا بەشداری بکەن (بۆ نموونە، ئەوانەی دژ بە "سازکردنی ناوەندی ئەتۆمی"، یا "ئامێری سووتاندنی زبڵ" یا دژبە "دروستکردنی ئۆتوبان لە پەنا ماڵی خەڵکی" یا "بەرگری لە مافی ئاژەڵ"ن) و یا بە مەبەستێکی دیکە گرووپێکیان بۆ هاسانکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و بەرگریکردن لە پیس و پڵۆخی کۆمەڵگا پێکیانهێناوە، و لەوێدا چالاکی خۆیان نیشان بدەن.

زۆر مرۆڤ هەن کە هەمووڕۆژێ سەبارەت بە کردەوەکانی دەوڵەت یا خود پلانی حیزبەکان پلەی گوشاری خوێنی خۆیان دەبەنە سەرێ و حاڵەتێکی دژایەتی لە خۆدا شك دەبەن ، کەچی لە کردەوەشداهیچی بۆ ناکەن. جا هەندێ لە رووی تەمبەڵی و هەندێکیش ترس لە داهاتووی کاریی دەبێتە هۆی ئاکتیڤ نەبوونیان. بەڵام پێکهاتن و راگرتنی بەردەوامی دێموکراسی پێویستی بە هەموو تاکێکی مرۆڤ و بەشداریی بێ پسانەوەی ڕۆژانەی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا هەیە.

## له دێموكراسیدا چۆن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن مامڵە دەكرێت؟

بەشداری مرۆڤ بۆ ڕاگرتن و سەقامگیركردنی دێموكراسی لە كۆمەڵگادا گرنگ و زۆر پێویستە، چونكە لە هەموو كۆمەڵگایەكدا تاكە كەس، گرووپ یا خود حیزب هەن كە دژ بە دێموكراسین. ئەوان لە ئازادی و دێموكراسی بۆ گەیشتن بە پلانەكانیان كەڵك وەردەگرن. بەداخەوە لە كۆمەڵگای دێموكراتیكدا ئەو چەشنە مرۆڤە نادێموكراتانەش مافی خۆیان هەیە كە بۆ بڵاوكردنەوە و پرۆپاگەندای باوەڕكانی خۆیان چالاكی بكەن. بۆ نموونە لە ئاڵمان دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانەی شەڕی جیهانی یەك و دوو، ئێستاش بەشێك لە مرۆڤ چالاكی بۆ گەڕانەوەی حكوومەتی فاشیستیی هیتلێری دەكەن. بە بڕوای ئەوان دەبێ هەموو بیانییەكان ئاڵمان بەجێ بێڵن چونكە گۆیا جێی كاری ئاڵمانییەكانیان گرتۆتەوە!

جگە لە ئازادبوونی مافی خۆپێشاندان و چالاكی سیاسی ئەو مرۆڤانە، دەكرێ یاسا بۆ بەرگری و تەنانەت یاساغ كردنی ئەو حیزبانەی بە ڕاشكاوی دژ بە دێموكراسی هەنگاو هەڵدێننەوە،پێك بێ. بەتایبەت ئەو كەسانەی لە كاری دەوڵەتی دان و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو چەشنە ڕێكخراوە نا دێموكراتیيانە چالاكی بكەن، دەبێ ترسی لە دەست چوونی كارەكەیان هەبێ.

بەڵام ئەو حیزب و دەستانەی كە لە ئۆپۆزیسیۆن دان و ڕەخنە لە كاری دەوڵەت دەگرن بۆ هێنانە سەركاری یاسایەكی باشتر یا خود بۆ هاسانكاری و بەرەو پێشبردنی كۆمەڵگا و لایەنگری لە مافی خەڵكی، دەتوانن لە ئازادی تەواو دا بە هەموو شێوەیەك دژ بە دەوڵەت ڕاوەستن بە بێ ئەوەی كەمترین مەترسییان لە داهاتووی ژیان یا كاریی خۆیان هەبێ.

بە گشتی لە كۆمەڵگایەكی دێموكراتیكدا ئەو تاك، گرووپ یا حیزبانەی بە ئاڕاستەی دێموكراسیدا هەنگاو هەڵدێننەوە، ئازادی تەواویان هەیە بۆ هەر چەشنە كارێكی سیاسی بە بێ ئەوەی هیچ ترسێكیان لە داهاتوو هەبێ.

## بۆچی دەبێ مرۆڤ تامەزرۆیی سیاسی هەبێ؟

هەندێك لە مرۆڤ پێیانوایە سیاسەت دووکانێکی پیسە، ماندووکەر و زۆر تێکەڵپێکەڵە. هەر بەو هۆیانە دەبێ مرۆڤ خۆ لە سیاسەت لادات و ئەو ئەرکە بە سیاسەتوانان بسپێرێ و ئەوانی پێوە سەرقاڵ بکات!

سەرەڕای بوونی تەلەفیزیۆن و رۆژنامە و مێدیا گشتییەکان، زۆر کەس هەن کە سیاسەت لایان زۆر بێگانەیە و تێناگەن لە پارلەمان و دەوڵەتدا چ دەگوزەرێ! پێیان وایە کە چونکە سیاسەتوانان لە ئێمە باشتر سیاسەت دەزانن، دەبێ مافی خۆتێوەردان لە کاروباری سیاسی هەر هی ئەوان بێ! کەسانێکیش پێیانوایە، ئێمە خۆ هیچ کارێکمان لە دەست نایە، لە هەر حاڵدا سیاسەتوانان ئەو شتەی پێیانخۆش بێ دەیکەن و کار بۆ هەژار و مرۆڤی خوارەوە ناکەن!

هەرکەس خۆی لە کاری سیاسی بشارێتەوە و بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا نەکات و بە گشتی تامەزرۆیی بۆ بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەی نیشان نەدات، رێگا خۆش دەکا بۆ کەسانی تر کە ئەوان خەونەکانی خۆیان وەدی بێنن.

سیاسەت پەیوەندی بە هەموو بەشدارانی کۆمەڵگاوە هەیە. هەرکام لە ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر دەبێ بە هەر شێوەیەك کە بۆمان بگونجێ، چالاکیمان لەو بوارە گرینگە دا هەبێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە بەشداری لە سیاسەت بڕیار دان لەسەر داهاتووی ژیانمانە. ئێمە دەبێ خۆمان عادەت بدەین بە بەشداری رۆژانە لە کاروباری سیاسی وڵاتەکەمان و لای کەم لە مێدیا گشتییەکانەوە ئاگاداری کێشەکان و ئاڵوگۆڕەکان بین، چونکە تەنیا بەشداری ساڵانە لە هەڵبژاردنەکاندا ناتوانێ بە تەنیا گۆڕانکاریی دروست پێك بێنێ و وەڵامدەری ویستەکانمان بێت، بەبێ ئەوەی ئاگاداری و بەشداری و زانیاریمان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگاکەمان نەبێ.

**تەواو**